# ڕەنگی کوێر

شیعری: عەلا ئەلروبێعی

و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

کاتێ هەموو ڕەنگەکان دەبنە یەك

کوێر هەر ڕەش دەبینێ.

***

کوێر تەنها بڕوا بە تاریکی دەکا.

***

کە کوێر دەبینێ پێی دەڵێن

شەو باش.

***

ئەوەی زۆر ئەمەکداری کوێرە

داردەستە.

***

کوێر بینایی خۆی لە مانگدا هەڵگرتووە.

***

کە شتەکان بە یەکادەچن

کوێر خۆی لە دەرەوەدا دەبینێتەوە.

***

کە کوێر دەبینێ لە خۆی دەپرسێ

بۆ ئەوانەی دەوروبەرم سەیرم ناکەن.

***

## ڕۆتین

لە خەونە درێژەکەی بێدار بۆوە

بەڵام حەزی بە هەڵسان نەدەکرد

پیاوە پیرەکە لەخۆی پرسی

بە ڕاستی چ شتێ وام لێدەکات

هەڵسم
شار ناگۆڕێو
کوچەکان هەر وەك خۆیانن
خوا گەورەیە
من هەر منم.

بۆ چەندان مانگ دەنووم
چونکە ئەوەی هەیە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە
تا دەبێتە چواری دوای دوو هەزار
ئەوەش تەنها ژمارەیە کە دەچێتە سەر تەمەنمان
پیاوە پیرەکە بە خەندەوە
بۆ خەونە نوێیەکان چاوی نوقان
زۆر شتی لە خەوە دی
شاری دی
کوچەی دی
خوای دی
بەڵام خۆی نەدییەوە.

سایتی ئەلئیمپراتۆر
2005/3/6